# ئەم شەو من و با و سێبەر
## بەشی سێ یەم

larzobaker@hotmail.com

لارزۆ بەکر 1997 ...تاد

ئێستا...سەرم واگۆنی وشەی گومانەو
جەستەم تەرمی ترازانی گۆرستان ،
ئـــــەم شـــــەو.....
خزانی ئەستێرە بزەگرتووی شارێکە سێبەر
کەسمان لەنەهێنی یەکتر ناگەین
مەرگ ملوانکەیەکی پچراوە
کڕنۆش بۆ شوێن پێیەکانی دوێنێ دەبا
بازنەیەکی خەفەکراوی ڕەنگاوڕەنگمان لەملدایەو
بەدەریایەک خوێن پێدەکەنین
ئێمە نەخشەی برینی ژیان ومەرگین
هەواڵێکی نـەبـیـسـتـراوین و
دەریـــایەکی بـێ شەپۆل ...
دیـوانێـکـی چاپـنـەکراو ...
مرۆڤێکی بێ ناسنامەین ،
ئـــەم شــەو .....
لەدووریانی( بــا ) و ( سێبەر ) دا
هەگبەیەک خەفەت ، ژووری دووکەڵ
چیایەک خەم ،دەریایەک ئەشک
چلێک شکاوی گوڵی ژاڵەی نێو مەینەتم .
ئـــەم شـــەو .....
سێبەری دەوەنێکی سووتاوم
من دایکی خـەفـەتـم
نەهێنییەکی باڵابەرزی داخورپاوم
بای فینکی ئەشکەوتێکی داخراوم ....

✻ ✻ ✻